Kurdistannet کوردستان نێت

# سازش و گوزارش

حەمەسەعید حەسەن

(هەستکردنم بەوەی تا سەر ئێسقان مەسیحیم، هانم دەدات
هەمیشە وەک فریارەسێک لە پێناوی خودادا بجەنگم. هیتلەر)

هەر کەسێک بێجگە لە ئیسلام هەر ئایینێکی دیکە پەسەند بکات،
لێی قەبووڵ ناکەین و لە دوارۆژدا یەکێک دەبێت لە دۆڕاوان.(١)

میوانی دوا بەرنامەی (لە کوردستانەوە)ی کەی تیڤی، د. سەعدی بەرزنجی بوو کە سەرقاڵی ئەوەیە مافەکانی کورد لە دەستووری داهاتووی عێراقدا جێ بکاتەوە! ئەو یاساناسە لەو پرۆگرامەدا زوو زوو دەیگوت: ئێمە لەسەر کەرکووک (گوزارشت) ناکەین. تۆ لەوەی گەڕێ، گوزارشت هەڵەیە و گوزارش ڕاستە، مەبەستی ئەوەبوو بڵێت، سازش ناکەین، بەڵام توانای دەربڕین بە هانایەوە نەدەهات و دەرکی بەوە نەدەکرد کە گوازرش بە مانای دەربڕین و بەرجەستەکردن دێت و ئەوە (سازش)ە کە دەبوو نەیکات.

پێم وایە لە کێشەی دارشتنی دەستووردا، ئەوە کوردی کەمفرسەتە بەراوەژوو سوود لەم تەنگانە کاتییەی، هەنووکە عێراقی دلۆڤانی پێدا تێدەپەڕێت، وەردەگرێت و شەڕ بە عەرەبی سنگفراوانی ناسیۆنالیست، ئیدی سوننە بن یان شیعە، دەفرۆشێت. دەبا هیچ نەبێت، دوو بەڵگە بهێنینەوە.

* نوێنەرانی کورد بەوە قایلن، ئایینی فەرمی دەوڵەت ئیسلام بێت، بەوەش ڕازین دەستوور لەسەر بناغەی شەریعەتی ئیسلام دابڕێژرێت، ئەوەشیان بێ باشە هیچ یاسایەک لەگەڵ بنەڕەتە نەگۆڕەکانی ئیسلامدا ناکۆک نەبێت، شانازیشی پێوە دەکەن، عێراق ئەندامی ڕێکخراوی کۆنگرەی وڵاتانی ئیسلام بێت، کەچی دەڵێن: نابێت پاشناوی ئیسلامی، بە عێراقەوە بلکێندرێت! جا کە دینی دەوڵەت ئیسلام بوو، کە شەریعەتی ئیسلام، سەرچاوەی بنچینەیی و سەرەکیی دارشتنی دەستوور بوو، کە هیچ یاسایەک بە موو لە بنەڕەتە نەگۆڕەکانی ئیسلام لای نەدا، کە عێراق یەکێک بوو لە ئەندامانی ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی، ئیدی وڵات هەیە لەوە ئیسلامیتر! ئیدی پێویست دەکات، گلەییتان لە ناوی (عێراقی ئیسلامی) هەبێت! یان گەرەکتانە وەختی بەنرخی برایانی هێژای شیعە بە فیرۆ بدەن؟

* لە ڕوانگەی نوێنەرانی کوردەوە، چونکە زۆربەی خەڵکی عێراق عەرەبن، جێی خۆیەتی عێراق یەکێک بێت لە وڵاتە عەرەبییەکان، وەلێ دژی ئەوەن، خەڵکی عێراق بە بەشێک لە نەتەوەی عەرەب نێوزەد بکرێن. ئەمەشیان پارادۆکسێکی دیکەیە، ئاخر ئەگەر تەنیا لە سۆنگەی ئەوەوە کە زۆربەی خەڵکی عێراق عەرەبن، بەوە قایل بین

عێراق یەکێک بێت لە وڵاتانی عەرەب، ئاخر تەنیا لەبەر ئەوەی زۆربەی خەڵکی عێراق موسڵمانن، بەوە قایل بین، عێراق یەکێک بێت لە وڵاتە ئیسلامییەکان، هەقە هەر لەبەر هەمان هۆکار، هەر لەبەر ئەوەی زۆربەیان عەرەبن، بەوەش قایل بین، خەڵکی عێراق بەشێک بێت لە نەتەوەی عەرەب. ئەوانەی بەوە ڕازین، کوردستان بەشێک بێت لە عێراق و عێراقیش بە کوردستانەوە یەکێک بێت لە وڵاتە عەرەبییەکان، هەقە دژی ئەوەش نەبن، خەڵکی عێراق بە کوردیشەوە، بەشێک بن لە نەتەوەی عەرەب. هەقە ئێمەی کورد مایەی شانازیمان بێت کە بەشێک بین لە نەتەوەی عەرەب، ئەدی ئەوە نییە لە ڕوانگەی خودای (نێونەتەوەیی)یەوە، عەرەب باشترین (نەتەوە)ی سەر ڕووی زەوییە؟(٢)

پێشنیار دەکەم، نوێنەرانی کورد لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی عێراق، هەموو پێشنیارەکانی شیعە و سوننە پەسەند بکەن، ئەگەر نا هیچ دوور نییە، هەلی زێرینی بە عێراقەوە پێوەستبوونمان، لە دەست بچێت و زیانێکی بەرچاو بەو برایەتییە گەرموگوڕەی کورد و نەتەوەپەرستانی عەرەب و ئەو مێژووە شیرینە هاوبەشەی نێوانمان، کە دەیان ساڵە گۆرانی بە بالآیاندا هەڵدەڵێین، بگات. تکایە با چاوی ئومێد ببڕینە داهاتووی گەش و بۆ هەندێک کێشەی گچکەی لە بابەتی چارەنووسی کەرکووک، ئایندەی پێشمەرگە و چۆنیەتی دابەشکردنی سامانە سروشتییەکانی کوردستان، بەهەشتی داهاتووی عێراق کە بێ گومانم بریتی دەبێت لە (باخێکی بەرین و سەروەمڕ ڕووباری هەنگوین بە بەریدا دەڕوات،)(٣) لە کیس خۆمان و نەوەکانی داهاتوومان نەدەین.

لە پەرلەمانی عێراقی گوڵدا، هەندێک نوێنەری درشتبینمان هەیە، تەناتەت لەسەر کێشەیەکی کەمبایەخی وەک فەرمیبوونی زمانی (کوردی)یش، بە گژ برا عەرەبە چاوڕەشەکانمادا دەچنەوە! توو خوا تا زمانی دەوڵەمەندی عەرەبی کە زمانی قورئانی پیرۆزە و پەیامبەری نازدار پێی پەیڤیوە، وەستا بێت، وورووژاندنی بە ڕەسمیکردنی زمانی ڕووتوڕەجاڵی کوردی، نیشانەی کاڵفامی و کەمئاوەزی نییە! هەقە چی دیکە گێچەڵ بە عەرەبی ڕەسەن یان هاوردە نەکەین و تەواو لەوە دڵنیا بین، لە عێراقی نوێدا، چی سووکەبرینی لە چەشنی گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان، ئەنفال، کیمیاباران و کۆڕەومان هەیە، لە چاوتروکاندنێکدا یەکە یەکە وەها سارێژ دەبن، بە مایکرۆسکۆپیش هیچ شوێنەوارێکیان نەبینرێت.

2005. 08. 12

(١) ومن يتبع غير الأسلام دينا فلن يقبل منه وهو فی الاخره من الخاسرين. آل عمران ٨٥
(٢) كنتم خير امه اخرجت للناس. آل عمران ١١٠
(٣) جنات تجری من تحتها الأنهار. (لە قورئانی پیرۆزدا گەلێک جار ئەم قەوانە لێ دەدرێتەوە.)